# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە (ویساڵ). ووتیان: تۆ (ویساڵ) ئەنجامدەدەیت؟ فەرمووی: من وەکو ئێوە نیم، من خواردن وخواردنەوەم پێدەبەخشرێت

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە (ویساڵ)*. ووتیان: تۆ (ویساڵ) ئەنجامدەدەیت؟ فەرمووی: من وەکو ئێوە نیم، من خواردن وخواردنەوەم پێدەبەخشرێت». ولە ئەبو سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «هەرکەسێک لە ئێوە ویستی (ویساڵ) ئەنجامبدات ئەوا با هەتاوەکو کاتی پارشێو (سەحەر) بێت». *(ویساڵ: واتە بەردەوام بوون لە ڕۆژووگرتن ونەشکاندنی ڕۆژووەکە پاش بانگی ئێوارە وبەردەوامبوون لە ڕۆژوو بۆ ڕۆژێکی تر یان زیاتریش)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە ویساڵ* وەکو ڕەحمەت وبەزەییەک بەرامبەر هاوەڵان، بەڵام هاوەڵان بەهۆی خۆشەویستیان بۆ خێر وچاکە وئەنجامدانی ئەو شتانەی لە خودا نزیکیان دەکاتەوە حەزیان دەکرد ئەوانیش ویساڵ ئەنجام بدەن چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەنجامی دەدا ووتیان: تۆ ویساڵ ئەنجامدەدەیت، بەڵام -صلى الله عليه وسلم- پێیانی فەرموو ئەو شتێکی پێدەبەخشرێت لە لە لایەن خوداوە شوێنی خواردن وخواردنەوەی ڕاستەقینەی بۆ دەگرێتەوە بۆیە وزەی دەبێت بۆ ئەنجامدانی پەرستن وماندوو نابێت، بەڵام پێیانی فەرموو هەرکەسێک لە ئێوە حەز دەکات ویساڵ ئەنجامبدات، دەتوانێت هەتاوەکو پارشێو (سەحەر) ڕۆژووەکەی نەشکێنێت. شەریعەتی ئیسلامی ئاسانکارییە بۆ سەر مرۆڤەکان وهیچ قورسی وناڕەحەتی وتوندی وقوڵییەکی تێدا نییە، چونکە بەردەوام بوون لە ڕۆژووگرتن ونەشکاندنی ڕۆژوو زیاتر لە ڕۆژێک؛ ماندووبوونی لاشەی تێدایە وهۆکارە بۆئەوەی تووشی زیان بێت، وخوای گەورە ئەرکێک ناخاتە سەر کەسێک کە لە توانایدا نەبێت، چونکە ئاسانکاری وا دەکات کردەوەکە بەردەوام بێت وکەسەکە بێزار نەبێت، وهەروەها ئەو دادپەروەریەی تێدایە کە خودا لەسەر زەوی دایناوە؛ ئەمیش بریتیە لە جێبەجێکردنی ئەوەی خودا فەرمانی پێکردووە لە پەرستن وهەروەها پێدانی ئیسراحەت بە لاشە بۆئەوەی بەهێز بێت بۆ ئەنجامدانی پەرستنەکان. *(ویساڵ: واتە بەردەوام بوون لە ڕۆژووگرتن ونەشکاندنی ڕۆژووەکە پاش بانگی ئێوارە وبەردەوامبوون لە ڕۆژوو بۆ ڕۆژێکی تر یان زیاتریش)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4524